## (( یادە خەونێک))

لارزۆ بەکر

( جـــێـــهـــێـــشـــتـــن )

دووا دیمەنت ئاگرێک بوو
پڕبە شاخێ لە دەروونما
دووانیگارت شەپۆلێ بوو
هێوەر.....هێوەر
لەکەناری چاوما ون بوو
دووا دیدارت چوار بڕگەبوو
ڕووەو قەڵای نامۆ دەچوو ....        1992.11.29

## ( ون بوون )

دەستم دایە دەربەدەری
ڕاستی ژیانم بۆ دەرئەکەوت
دەستم دانا ژێرچەناگە
ئێرەو ئەوێم بەراورد کرد
دەستم کردە چوار مەشقی سینگ
تەنیاو کەسم بەدینەکرد
کەڕاکشام لە سەر جێگە
ڕێی هاتنم کەوتەوە بیر
کەخەوتیشم: هەرچەندم کرد
نەدایک و باوک نەخوشک و برا
نـــــە کــوردســـتـــان
هیچ یەکیانم نە هاتە خەو ...   1992.12.24

larzobaker@hotmail.com